## حەسەن زیرەک

ئەو هونەرمەندە دەنگ بێژانەی وەکو حەسەن زیرەک و هاوتاکانی ئەشێ میللەتی کورد هەردەم شانازیان پێوە بکات، چونکە هەر ئەوانن تا ئێستا بونەتە مایەی مانەوەی ئەو کولتورە گەورەیەی میللەتەکەمان، تا ئێستا کەم هونەرمەندی مۆسیقازان هەیە توانیبێتی لە گەڵ ئەو ئاوازە ڕەسەنانەی میللەتەکەمان کارێکی گونجاو بکات، بۆ زیاتر پاراستنیان یان فراوانکردنیان.

هەندێ جار و لە هەندێ دەستگای هونەریدا، کەسانێک هەڵئەسن بە نوسینەوەی نۆتەی ئاوازەکانی ئەو گۆرانیبێژانە، بەڵام مخابن لە سەر هەمان هەڵە و کۆسپەکانی بواری مۆسیقا کە لە ڕێی زەریاب و فارابییەوە گەیانرانە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر ئەو هەڵانەیە تا ئێستاش بونەتە کۆسپ لەڕێی هونەری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بە گشتی و کوردی بە تایبەتی.

ئەوەی ئەمر حەسەن زیرەک کردویەتی زۆر زیاترە لە پاراستنیان بۆیە ئەشێ بە چەند خاڵێک باسیان بکەم.

١- پاراستن و مانەوەی ئەو بەرهەمە ئاوازانەی کە بە دەنگە بەسۆزەکەی چریویەتی، جا لە هەر شوێنێک بوبێ، ئەبێ دەستخۆشیمان بگاتە ئەو ناوەندانەی کە لەوساتانەدا تۆماریان کردووە، بونەتە هۆی نەفەوتاندن و مانەوەیان.

٢- سۆزی بێ ئەندازەی ڕەسنی کوردی لە دەنگی زیرەک دا، بۆتە هۆی ئاشنابونی مۆرکی ڕەسەنی ئاواز و سترانی کوردی بە گشت جیهان بە گشتی و میللەتەکەمان بەتایبەتی.

٣ - توانای زیرەک لە ڕەسەنایەتی بێژانی ئاوازی کوردیدا بێ نمونەیە، لە بەر ئەوەی جگە لەوەی کە خاوەنی دەنگێکی ڕەسەن بووە، تواناکەی ئەوەندە بێ ئەندازە بووە گەر ئاوازێکی بیانی بوتایە بەودەنگە ڕەسەنەی خۆی بە شێوازێکی زۆر ڕەسەنی کوردی ئەیووت. نمونەش زۆرە، بە نموونە گۆرانی (غنی لی شوی شوی) کە ئاوازێکی میسرییە، بەڵا زیرەکی بلیمەت نەک تەنها ئاوازەکەی کردۆتە کوردی بگرە هۆنراوەکەشی کردوە بە کوردی(بۆم بڵێ تۆزە تۆزە).

بۆیە پێم باشە هونەرمەندانی موزیکزانی خۆمان ئەو دەنگەی زیرەک و هاوشێوەکانی، بە ڕێگایەکی زانستی بنووسنەوە و دور لە هەڵەکانی نوسینەوەی ئێستای مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی، کە بۆتە هۆکاری فراوان نەبون و پەرەسەندنی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی، بە گشتی و مۆسیقای کوردی بە تایبەتی.

سەلاح ڕەئوف